سەماحەتی حەکیم گرنگی میدیا لەپتەوکردنی سەقامگیری و پالپشتی پرسی سیاسی دووپات دەکاتەوە



بەڕێز سەید حەکیم، سەرکی هاوپەیمانیتی هێزەکانی دەولەتی نیشتمانی پێشوازی لە ئەندامانی لیژنەی میدیایی هێزەکانی سەر بە چوارچوەی هەماهەنگی کرد بە ئامادەبوونی بەڕێز ئەمیندار عەباس عامری لەوە ڕۆڵی میدیا و گرنگی لەو قۆناغە یەکلایی کەرەوەی لە مێژووی عێراق دووپات کردەوە.

سەماحەتی جەختی کردەوە کە میدیا کۆمەکێکی سەرەکیە بە پتەوکردنی شتە ئەرێنیەکان و ووبەووبوونەوەی هەڵمەتەکانی ناوزڕاندن و لێدان کە ئەزموونی عێراقی و سیستەمی سیاسی بە ئامانج گرتوە و داواشی کرد هەوڵست و ئەرکەکان یەک بخەن لەووی میدیایی بە ئاوەی یەک بچوون هەبێت سەبارەت بە دەسیە چارەنووسسازەکان.

سەماحەتی جەختی لەسەر گرنگی بەرزکردنەوەی هەشیاری جەماوەر سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو و تیشکی خستنە سەر ڕۆڵی سەرکی لەچەسپاندنی سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی کردەوە، هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد کە بەشداری بەرفراوان لەهەڵبژاردنەکاندا پێگەی عێراق و سیستمی سیاسیی لەنێو. لەسەر ئەرزی واقیع نیشان دەدەن و گوتیشی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان گرنگی خێی هەیە بە گەیاندنی ئەم وێنەیە بە ڕای گشتی.

هەروەها سەید حەکیم پشتیوانی دامودەزگا ئەمنی و سەربازیەکانی دەوڵەت و دەزگا دادوەری و یاسادانان و جەبەجەکاریەکانی دووپاتکردەوە و جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە ئەو بەرپرسانە ستایش بکرێن کە دەستکەوتی ڕاستەقینەیان بەدەستهێناوە بە گوێدانە ئینتیمای سیاسییان، لەبەر ئەوەی ئەم کارە هانی بەرپرسانی دیکە دەدات بە ئەوەی کاری باشتر و زیاتر ئەنجامبدەن.

لەکۆتایی دیدارەکە، سەماحەتی حەکیم دوای کرد بایەخێکی تایبەت بە لاوان بدرێت لەگوتاری میدیایی هەروەها پێویستە پانتایی باشیان پێبدرێت بە ئاوەی لە بیرکەی نەخوازراو و خراپ بیانپارێزین، هەروەها ئاماژەی کرد کە قەستەوەی ئینیرجی لاوان باشترین وەبەرهێنانە بە زامنکردنی داهاتووی نیشتمان.